




# قەیرانی دارایی ئافرەت لە ئارایشگەکان دووردەخاتەوە

ئەگەرچی ئافرەتان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەردەوام گرینگی بە خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوە دەدەن، بەڵام باری دارایی و دۆخی شەڕ و ئاسایشی وڵاتیش کاریگەری زۆری لە سەر ئەو خووەی خانمان هەیە. ئەگەر سەرنجی ئارایشگەکانی تایبەت بە ئافرەتان بدەین، دەبینین لە پاش دروستبوونی ئەو قەیرانی داراییە و بە هۆی کەمبوونی مووچە کاریان زۆر کەمتر بووە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





«هەموو مانگێگ بۆ بۆیەکردنی قژم دەچووم بۆ ئارایشگە، مانگی وا هەبوو دووجار دەچووم، جا بۆ حەمام زەیت بووایە، یان بۆ لوولکردنی قژ، یان بۆ بۆیەکردنی پرچ، بەڵام ئەوە ماوەی حەوت مانگە نەمتوانیوە بچم، لەبەر ئەوەی ئێستا باری دارایی خراپ بووە. وەك هەموو مان دەزانین ئێستا باری ئابووری هەرێمی کوردستان گرفتی هەیە و مووچە لە کاتی خۆی نییە و ئەوەشی دەدرێ بە کەمیی دەیدەن، ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بژێوی خەڵك. بۆیە ئێستا وەك جاران ناتوانم بچمە ئارایشگە و ناچارم ئەو کارانەی لە ئارایشگە بۆیان دەرکردم، لە ماڵەوە خۆم بیکەم، بەڵام وەك هی ئارایشگە جوان نییە.» ئەوە قسەی نازە-ی تەمەن ٢٥ساڵ بوو. ئەو وەك خانمێکی فەرمانبەر ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەو هاوسەرانەی هەردووکیان فەرمانبەرن فشاری زۆریان لەسەرە و ئەم قەیرانی داراییە کێشەی زۆری بۆ دروست کردوون، چ بگا بەو خێزانەی کە تەنیا یەکێکیان مووچەخۆرن، ئاخۆ دەبێ چۆن گوزەران بکەن؟» گوتیشی: «من ئەو پارەیەی دەیدەمە ئارایشگە، ئێستا هەڵیدەگرم بۆ شتێکی پێویستتر، چونکە ئارایشگەکان نرخیان هەر وەك جارانە و هیچ دانەبەزیوە، بەو حاڵەش مووچەکەم بۆم دەرناهێنێ بچمە ئارایشگە».

رازە ئەحمەد تەمەنی ٢٣ ساڵە و ئافرەتی ماڵەوەیە و وەك خۆی باسیکرد، ماوەی چوار مانگە هاوسەرگیری کردووە. ئەو بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «بەداخەوە لە رۆژی هاوسەرگیریم نەمتوانی برۆمە ئەو ئارایشگەی کە خۆم حەزم دەکرد،چونکە نرخەکانی زۆر گران بوو. بۆیە لە ماڵەوە هاوڕێیەکم کاری ئارایشتی بۆکردم، گەرچی جێی دەستخۆشییە. چونکە زۆر بە منەوە خۆی ماندوو کرد، بەڵام لەو رۆژە گرینگەی ژیانم زۆر لە خۆم رازی نەبووم، تەنیا لەبەر دڵی هاوسەرەکەم بەرگەم گرت و ئەو رۆژەم تێپەڕاند .»

هاوناز کەمال مامۆستایە و ئەویش سەبارەت بەو قەیرانە داراییە و کاریگەری لە سەر دۆخی جوانکاریی خۆی دەڵێت: «پێش ئەوەی ئەم قەیرانە رووبدات، هیچ نەبا دوو هەفتە جارێك دەچوومە ئارایشگە، چونکە بەردەوام حەز دەکەم گۆڕانکاری لە شێوەم بکەم، بەلامەوە گرینگ نەبوو نرخەکەی هەرچەندێك با، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەم وەزعە زۆر کەم دەچم بۆ ئارایشگە و زۆربەی شتەکان لە ماڵەوە خۆم دەیکەم، بەڵام بێگومان وەك ئەوەی ئارایشگە بۆم دەرناچێ.» هاوناز گوتیشی: «ماوەی ساڵێکە دەمەوێت برۆکانم تاتۆ بکەم، بەڵام ناتوانم لەبەر ئەوەی مووچەکەم ئێستا بۆتە ٣٠٠ هەزار دینار و بەشی هیچ شتێك ناکات، بەداخەوە ئارایشگەکانیش نرخەکانیان زۆر کەم دابەزاندووە، بۆیە خانمان ئێستا زۆر کەم روو لە ئارایشگەکان دەکەن».

خاوەنی ئارایشگەی شەهدی لە هەولێر باسی ئەوە دەکات کە «بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانی جوانکاری و ئارایشگەکان زۆر کەم بۆتەوە، چونکە لە ئێستادا باری بژێوی هاووڵاتیان زۆر لاواز بووە». گوتیشی: «هاووڵاتیان لە ئێستادا زۆر کەم بایەخ بە جوانکاری دەدەن، چونکە شتی گرینگتر هەن لە ژیاندا و خەڵکی کەمدرامەت ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بژین، ئەوانەی کە ئێستا دێنە ئارایشگا بە زۆری دەوڵەمەندن و بارایی داراییان زۆر باشە، راستە مامۆستا فەرمانبەر و کارمەندیش دێن، بەڵام ئەوان لە چاو جاران کەمتر دێن، بە زۆری لە بۆنەکان دێن، یان دوومانگ جارێك دینە ئارایشگە. زۆر جار ئافرەت هەیە دێت دەڵێ مامۆستام، یان قوتابیم، ئێمەش بە نرخێکی هەرزانتر بۆی دەکەین، ئەو ئافرەتانەی کە دەیانناسین بە قەرز جوانکارییان بۆ دەکەین، واتە تا کاتێك مووچە وەردەگرن، حیساب ناکەین.» سەبارەت بە نرخەکانیش گوتی: «هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دۆخە ئێمە ١٥٪ی نرخەکانمان دابەزاندووە، هەر ئەوەندە دەتوانین نرخەکان دابەزێنین، چونکە شوێنی ئارایشگەکە بە کرێیە و کرێشی زۆرە، زۆرجار ترسی ئەوەم هەیە نەتوانم کرێی دووکانەم بدەم.»

**شوێنی ئارایشگەکە بە کرێیە و کرێشی زۆرە، زۆرجار ترسی ئەوەم هەیە نەتوانم کرێی دووکانەم بدەم**

**لە رۆژی هاوسەرگیریم نەمتوانی برۆمە ئەو ئارایشگەی کە خۆم حەزم دەکرد، چونکە نرخەکانی زۆر گران بوو. بۆیە لە ماڵەوە هاوڕێیەکم کاری ئارایشتی بۆکردم**

**ئەو ئافرەتانەی کە دەیانناسین بە قەرز جوانکارییان بۆ دەکەین، واتە تا کاتێک مووچە وەردەگرن، حیساب ناکەین**





# فریشتەکانی بەزەیی داوای مافەکانیان دەکەن

**(فلۆرانس نایتینگل)ی بریتانی، ئەو کچە زەنگینەی کە لە دایکبوونی کەوتە رۆژی ١٢ی ئایاری١٨٢٠، ژیانی خۆی بۆ نەخۆشان و هەژارانی پەککەوتە تەرخانکرد و لە کاری پەرستاری رچەشکێنی کرد و بنەماکانی ئەم پیشەیەی بە زانست کرد، پەرستارانیش لە سەرانسەری جیهاندا ئەو رۆژە بە رۆژی پیشەیی خۆیان دەزانن و بەرزی دەنرخێنن، لێ پەرستارانی کوردستان گلەیی و گازندەی خۆیانیان هەیە و رەخنەی توندیش لە سیستمی تەندروستی دەگرن و بە سیستمێکی کۆنی دەزانن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵانیش را و سەرنجی خۆیان هەیە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«هەرچەندە لەلایەن بەرپرسانەوە کۆمەڵێك بەڵێن بە ئێمەی پەرستاران و کارمەندانی تەندروستی درا بۆ باشترکردنی ژیانمان، بەڵام وەزیری تەندروستی زۆربەی داواکارییەکانمان بە قەیرانی داراییەوە دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا مافە دابینکراوەکانی پەرستار لە ئاست زۆری و قورسیی ئەرکی سەرشانی پەرستاراندا نین و بە شێوەیەکی گشتی پەرستار غەدری لێکراوە، هاوکات ئێمەی پەرستارە ئافرەتەکان لە کاتی ئێشکگرتندا لەگەڵ کەسوکارمان تووشی کێشە دەبین و زۆرجار رێگریمان لێدەکرێت، بەڵام خۆشەویستیمان بۆ پیشەکەمان و هەستکردنمان بە بەرپرسیارێتی تەحەمولی دەکەین.»

ئەوە قسەی پەرستار سەمیرە عەلی بوو. ئەو پێیوایە باشترکردنی رەوشی ژیانی پەرستار بەندە بە باشکردنی رەوشی تەندروستی و کەرتی تەندروستی بە گشتی و داوادەکات حکومەت دۆخی پەرستاران بەگشتی و پەرستارە ئافرەتەکان بەتایبەتی لەبەرچاو بگرێ و بایەخی زیاتریان پێبدرێت.

سیروان نەجات وەك پەرستارێکی بەشی فریاگوزاری سەرەتایی هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا «تەنیا لە رۆژی جیهانی پەرستاراندا ئەم توێژە بەسەر دەکرێنەوە، دەنا بەرپرسان و تەنانەت خەڵکی سڤیلیش هەست بە ئەرك و ماندووبوونی پەرستاران ناکەن. دەبوا لە رووی رێزگرتنەوە خەڵك زیاتر بایەخی بە پەرستاران بدایە و حکومەتیش بە دابینکردنی مووچەی شیاو و شوێنی نیشتەجێبوون و پێدانی دەرماڵەی پیشەیی و مەترسی هاوکاری ئەم چینەی بکردایە، کە ئەمانە بنەمای خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی پەرستارانن، چونکە دکتۆر بە تەنیا ناتوانێت خزمەت بە نەخۆش بکات، ئەگەر ستافێك پەرستاری بەتوانای لەگەڵدا نەبێت، بۆیە ناکرێت ئەو رۆڵە گرنگەی سەرشانی پەرستار لە بەرچاو نەگیردرێت، هەروەها داواکارین لە رووی زانیاری و مەعریفییەوە پەرە بە تواناکانی پەرستار بدرێت، بەتایبەت لە رووی کردنەوەی خولی جۆراوجۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.»

پەرستار شیلان سەدرەدین، رایوایە «ئەو یادانەی بۆ رۆژی پەرستار دەکرێتەوە، هەمووی رەمزین، چونکە ئێمە لە شوێنی ترەوە مافمان خوراوە و بە پێی قەبارەی کارەکەمان پۆست و شوێنمان بۆ دانەنراوە، ئێمە بەراورد لەگەڵ دکتۆرەکان پلە دووین، ئەوان دەرماڵەی مەترسییان لە ١٠٠٪ـە، بەڵام ئێمە ٥٠٪ـە، ئەوان پلەبەندییان هەیە کە (مقیم)ـە ئینجا دەبن بە (مقیم دەوری) و پاشان دەبن بە (مقیم ئەقدەم) ئێمە هەر لە شوێنی خۆمانین، هەتا ماوین یەك شتین بۆ بەخشینی زەویش هەمان شتە، بۆیە داواکارم مافەکانمان بۆ بگەڕێننەوە و ئەو سیستمە کۆن و دواکەوتووەی تەندروستیش باوی نەماوە».

هەر سەبارەت بەم باسە پەرستار و پسپۆڕی بواری تەندروستی گوڵاڵە پشدەری، بۆ گوڵان گوتی: «بە تێپەڕبوونی کات، هەروەها پڕۆسە و شێوازی پەرستاریش لەگەڵ جیهانی مۆدێڕنەوە گۆڕاوە و بەرەو هەنگاوی باشتر چووە، تاکو بتوانێت چاکترین و بەسوودترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خزمەتخوازانی

**پێویستە بۆ پاراستنی پەرستار و نەخۆش کۆدی پیشەیی و هەم یاسای ئەرک و مافەکانی پەرستار و هەمیش بۆ نەخۆشان لە سیستەمی وەزارەتی تەندروستیدا هەبێت**

تەندروستی بکات. پەرستاری هەروەکو زۆرێك لە پیشەکانی تری کۆمەڵگە، پیشەیەکی پێویست و پیرۆزە و پێویستە بە دیدێکی فراوان هەڵسەنگێندرێت و مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها پێویستیشە کە لە ناو ئەم پیشەیەدا جیاوازی لە نێوان ئەرك و مافدا هەبێت بۆ هەموو لایەنەکانی پێوەندیدار وەکو پەرستار و نەخۆش و پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی بە شەفافی ئەرك و مافیان دیار بێت. بۆ نموونە لە وڵاتی هۆڵەندا کە من بۆ ماوەی ٧ساڵ و ٢ جۆر لە پایەکانی پەرستاریم خوێندووە، واتە پایەی ٣ و ٤، ئێمەی پەرستار بە کۆدی پیشەیی کار دەکەین و ئەرك و مافەکانمان، هەروەها مافەکانی نەخۆشان دیاریکراون. ئەم کۆدە ساڵی پار واتە ٢٠١٥ لەلایەن لایەنی پێوەندیدارەوە ئوپدێت کراوەتەوە. لەو کۆدی پیشەییەدا ٤ خاڵی سەرەکی دەردەکەون:

١- ٩ خاڵ پێوەند بە چۆنیەتی ئەنجامدانی پیشە.
٢- ١٣ خاڵ پێوەند بە نەخۆش.
٣- ٨ خاڵ پێوەند بە لایەنەکانی هاوکار- یان ئەو دەزگایانەی کە پێکەوە کار دەکەن.
٤-٧ خاڵ سەبارەت بە کۆمەڵگە.

ئەم کۆدە یاسا و ریساکان دەستنیشان دەکات و هاوکاری پەرستارە بۆ بەرپرسیارێتی لە پیشەکەیدا.
هەندێك یاسای تایبەت لە ناو وەزارەت و دەزگای تەندروستی وڵاتدا کاران وەکو:

١ . یاسای تۆمار، واتە Wet BIG کە هەندێك لە خاوەن پیشەکان تۆمار کراوە وەکو پزیشکان، پەرستاران، فیزیۆترپیستەکان، توێژەرانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و...تاد. ئەوە بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لەو خاوەن پیشانە هەڵەیەك ئەنجام بدات، ئەوان لەگەڵ یاسا بۆ کاری پێویست هەنگاو دەنێن.
. ٢یاسای Wet WGBO کە تێیدا چۆنییەتی چارەسەری تێدا هاتووە.
٣. یاسای Wet BOPZ کە تێیدا هاتووە بۆ خەواندنی نەخۆش لە ناو نەخۆشخانە یاخود کلینیکی تایبەت بە نەخۆشیەکانی پەیوەست بە لایەنی دەروونی وەکو تێکچوونی ئەقڵی.
٤ . یاسای WBP کە تێیدا هاتووە چۆن نهێنی پارێزی دەبێت.
بە گشتی لە ئەوروپا و لە هۆڵەندا بە تایبەت میتۆدی پەرستاری جیاوازە تاکو لە کوردستان، لە ئەوروپا نەخۆش بە شێوەی گشتی تۆتاڵیتی ئەژمار دەکرێت. واتە من وەکو پەرستار بەرپرسیارێتی نەخۆشێکم هەر لە پاك وخاوێنکردنی تاکو دەرمانکردنی. بەڵام پێموایە لە کوردستاندا وەکو رابردوویەکی زۆر کۆن کار دەکرێت کە پەرستارێك کە پەیمانگەی تەواو کردووە، ئیتر نابێت هاوکاری نەخۆش بکات بۆ خۆراك خواردن، یاخود جێگەکەی پاك بکاتە و تەنیا ئەو دەبێتە بەرپرسی برینپێچان و دەرزیلێدانی ...هتد، بەڵام لە هۆڵەندا بە ئەنجام گەیاندنی سەرجەم پێویستییەکانی نەخۆش کە پەیوەستە بە تەندروستی و نەخۆشییەکەی دەکەوێتە سەر پەرستار. هەروەها لە ئەوروپا بە گشتی و لە هۆڵەندا بە تایبەت،کار بە میتۆدی مارجۆری گۆردن دەکرێت کە ئەویش لە ١١ خاڵی سەرەکی بۆ نەخۆش پێکهاتووە. بۆیە سیستەمی پەرستاری لە کوردستان و لە ئەوروپادا زۆر جیاوازی هەیە. لە لایەکەوە، پەرستارانی کوردستان بە بۆچوونی من نەپارێزراون لە ئەو مەترسییانەی کە لەسەریانە، یان پشتیوانی یاساییان نییە و هیچ کۆدێکی پیشەیی نییە کە رێنماییان بکات، تاکو ئەرك و مافەکانی راستەقینەی خۆیان بزانن و هەم پیشەکەیان بە باشتر کارا بکەن و خزمەتگوزاری بە سنوور و گونجاو ئاراستەی خزمەتخوازانی تەندروستی واتە نەخۆشان بکەن و هەمیش خۆیان لە رووی یاساییەوە پارێزراو بن. بە بۆچوونی من پێویستە بۆ پاراستنی پەرستار و نەخۆش کۆدی پیشەیی و هەم یاسای ئەرك و مافەکانی پەرستار و هەمیش بۆ نەخۆشان لە سیستەمی وەزارەتی تەندروستیدا هەبێت. ئەوە خاڵێکی گرنگە کە من لە کۆنگرەی وەزارەتی تەندروستی کوردستان ساڵی ٢٠١١دا وەکو خاڵێکی چاکسازی پێشنیارم کرد. لە کۆتاییدا پێموایە ئەگەر کۆدی پیشەیی و یاسای ئەرك و مافی نەخۆشان هەبێت و کاری پێ بکرێت، ئەوا هیچ پەرستارێك لە کوردستاندا لە پیشەکەی نارازی نابێت.»

بەپێی ئاماری پەرستاری لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ٤٥٧٠ پەرستارە، ٤٠٧یان دەرچووی زانکۆن، ٢١٨٢یان دەرچووی پەیمانگان، ١٠٦٨یان دەرچووی ئامادەیی پەرستارین کە لە دوای سێی ناوەندی سێ ساڵ دەخوێنن، پەرستاریش ٤٦١ دەرچووی قوتابخانەی پەرستارین کە لە دوای شەشی سەرەتایی سێ ساڵ دەخوێنن، ٤٥٢ یاریدەدەری پەرستایش دەرچووی خولی پەرستارین.

هەوراز فارس پەرستاری زانکۆ و لێپرسراوی هۆبەی پەرستاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەو خزمەتانەی بە پەرستاران کراوە لە ئاست ماندووبوون و شەونخوونیاندا بووە، گوتی: «نە لە رووی مادی و نە لە رووی مەعنەوییەوە نەتوانراوە داخوازییەکانی پەرستاران بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ بکرێت، ئەو بڕە پارەیەش کە لە ئێستادا پەرستاران وەریدەگرن بە بەراورد لەگەڵ کارەکانیان زۆر کەمە، چونکە ئەرکە قورس و گرانەکانی تەندروستی لەسەر شانی پەرستارانە، ئەگەر مووچەی پەرستاران بەراورد بکەین بە پەرستارانی وڵاتانی دیکە، دەبینین زۆر زۆر کەمە، جگە لەوەی داخوازی زۆری پەرستاران لەسەر درێژەپێدان بووە لە پەیمانگا و زانکۆ، بەڵام بەداخەوە ساڵانە رێژەی کورسییەکانی خوێندن کەمە بۆ پەرستاران و تەنیا ١٠ کورسی لە کۆلێژی پەرستاری و ١٠ کورسی لە پەیمانگەی تەکنیکی هەیە، ئەویش بە بوونی مەرجی زۆر قورس کە هەردەم لە پێشیان رێگر بووە و نەمانتوانیوە چارەی بکەین، چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا رێگر بووە و هاوکارمان نەبووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەردەم لە ناوەندەکانی تەندروستی ئەرکی پەرستاران بە هەند وەرگیراوە و رێزیان لێگیراوە، بەڵام لە ئاست چاوەڕوانی ئەوان نەبووە. ژمارەی پەرستارانیش بە بەراورد لەگەڵ کارەکانیان زۆر کەمە، بەتایبەت لە ناو نەخۆشخانەکان و بەرەکانی جەنگ، چونکە پەرستارانیش شان بە شانی برا پێشمەرگەکان لە بەرەکانی جەنگن.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا پلانی داهاتووتان چییە بۆ ئاشتکردنەوەی پەرستاران کە خۆیان زۆر بە مەغدوور دەزانن؟ ئەو لێپرسراوەی هۆبەی پەرستاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر گوتی: «هەوڵی زیادکردنی کورسییەکانی خوێندنمان داوە بۆ پەرستاران بۆ درێژەدان بە خوێندن لە خوێندنی باڵا (ماستەر + دکتۆرا) و زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ بەرەپیش بردنی کەرتی تەندروستی، زیادکردنی ژمارەی پەرستاران ئەویش بە دامەزراندنیان کە ماوەی ٣ ساڵە دامەزراندن راگیراوە، هاوتاکردنی دەرماڵەی ترسناکی لە ناوەندەکانی تەندروستی کە لە ئێستادا جیاوازی هەیە.»

**ساڵانە رێژەی کورسییەکانی خوێندن کەمە بۆ پەرستاران و تەنیا ١٠ کورسی لە کۆلێژی پەرستاری و ١٠ کورسی لە پەیمانگەی تەکنیکی هەیە، ئەویش بە بوونی مەرجی زۆر قورس کە هەردەم لە پێشیان رێگر بووە**

**تەنیا لە رۆژی جیهانی پەرستاراندا ئەم توێژە بەسەر دەکرێنەوە، دەنا بەرپرسان و تەنانەت خەڵکی سڤیلیش هەست بە ئەرک و ماندووبوونی پەرستاران ناکەن. دەبوا لە رووی رێزگرتنەوە خەڵک زیاتر بایەخی بە پرستاران بدایە و حکومەتیش بە دابینکردنی مووچەی شیاو و شوێنی نیشتەجێبوون و پێدانی دەرماڵەی پیشەیی و مەترسی هاوکاری ئەم چینەی بکردایە**

**ئێمەی پەرستارە ئافرەتەکان لە کاتی ئێشکگرتندا لەگەڵ کەسوکارمان تووشی کێشە دەبین و زۆرجار رێگریمان لێدەکرێت، بەڵام خۆشەویستیمان بۆ پیشەکەمان و هەستکردنمان بە بەرپرسیارێتی تەحەمولی دەکەین**

# ئافرەتێک لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە خزمەتی پێشمەرگە دەکات

به بارەتەقای تەمەنی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ، به هەموو شێوەیەك غەدر لە کورد کراوە و به درێژایی ئەو سەدەیە تووشی کارەسات و کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردن بووە، کوردیش لە بەرانبەر زەوتکردنی مافەکانیدا دەستەوەسان نەبووە، شۆڕش و خەباتی کردووە و لە شەڕی خۆهێشتنەوەدا سەرکەوتوو بووە، گەلێك نەبەردی سەرفرازانەشی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کردووە، ئافرەتی کوردیش لەو سەروەرییەدا پشکی شێری بەردەکەوێت. یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە خزمەتی پێشمەرگە دەکات و لە دوای هەڵتۆقینی دڕندەکانی داعش و پەلاماردانی خاکی پیرۆزی کوردستان، هەتا هەنوکە بە دابینکردنی خواردەمەنی بەتام و وزەبەخش، خۆبەخشانە خزمەتی پێشمەرگە دەکات. لە ئێستادا فایزە سەلیم لە بەرەکانی شەڕی دژی تاریکدڵانی تیرۆریستی داعش-دا ناوێکی ئاشنایە و گوڵان بە پێویستی زانی ئەو خاتوونە وڵاتپارێزە بەسەر بکاتەوە و کار و ئامانج و خەونەکانی بخاتەڕوو.



ئافرەتی کورد وەک باوک و برا و هاسەر و کوڕەکانیان دەتوانن دەست بدەنە چەک و و پارێزگاری لە خاک و نامووس و کەرامەتی نەتەوەییمان بکەن










ئەگەرچی قەدەری بێ بەزەیی و دەستی چەپەڵی ئەنفالکەران وایکردووە پتر جلوبەرگێکی سەرتاپێ رەش لەبەر دەکات، بەڵام دڵە سپییە رەنگ بەفرینەکەی بەردەوام هیوای پێدەبەخشێت و برینی قووڵی خەمی سێ کوڕە مامی ئەنفالکراویماڵباتەکەی و گشت ئەنفالکراوانی گەرمیان و بارزان بە خزمەتکردنی پێشمەرگە ساڕێژ دەکات.

فایزە سەلیم ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی سەرگەلی لە دایك بووە و ئێستا دایکی نۆ منداڵە و وەك خۆی باسیکرد لە تەمەنی نەوجەوانییەوە خزمەتی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە. ئەو خاتوونە نیشتمانپەروەرە بەمجۆرە باسی رابردووی سەرفرازانەی خۆی دەکات:

«من هەر لە منداڵییەوە شەیدای پێشمەرگە بووم و هاوکارییانم کردووە و لە ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ رۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ نانم بۆ پێشمەرگەکان دەکرد. پاشان ئاوارەی تورکیا و ئێران بووین و لە ساڵی ١٩٩١ و لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان گەڕاینەوە بۆ زێدی خۆمان و هەتا ئێستاش لە دهۆکی دەلال نیشتەجێین. هەر لەگەڵ گەڕانەوەمان دەستم بە کاری حزبی کردووە و هەتا ئێستاش شەرەفمەندم کە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانم، ئەو یەکێتییەی کە بە فەرمانی باوکی رۆحی و نەتەوەییمان مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا، بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردیش وەك پیاوان تێکەڵی سیاسەت و کاری حزبی بن و هاوکات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان خەبات بکەن. لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش خۆم و چەند هەڤاڵم بەردەوام خزمەتی ئاوارەکانمان کردووە، لە ٢٠١٤/٨/٣ ـەوە هەتا ئێستا لە زۆربەی بەرەکانی شەڕ هەر لە کەرکووکەوە تا شنگال ٨٤ جار سەردانی پێشمەرگەمان کردووە و بە کاروان خواردەمەنیمان بۆ بردوون».

فایزە هەر سەبارەت بە خزمەتکردنی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا، باسی ئەوە دەکات کە «جگە لە خەڵکی خێرخواز هیچ کەسایەتییکی حزبی و حکوومی هاوکاری نەکردووین، بەڵام وەك تەقدیرنامە و پشتیوانی مەعنەوی هەندێك لە بەرپرسانی پارتی و فەرماندەکانی پێشمەرگە رێزیان گرتووین.» گوتیشی: «ئێمە چەند هەڤاڵی ئافرەتین کە خۆبەخشانە سەرقاڵی چێشتلێنان و ئامادەکردنی خواردەمەنین بۆ برا پێشمەرگەکانمان لە بەرەکانی شەڕ، هەروەها چوار ئۆتۆمبێل بۆ هەڵگرتنی نەفەرات و شەش پیکاب بۆ گواستنەوەی خواردەمەنییەکان هاوکاریمان دەکەن کە شۆفێرەکانیان هەموویان بە بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە هاوکارمانن، جگە لەوانەش مەزاری پیرۆزی شەهیدان سەر دەکەینەوە، کە هەموو نەتەوەکەمان قەرزباری خوێنی گەشی ئەوانن».

فایزە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتی کورد وەك باوك و برا و هاسەر و کوڕەکانیان دەتوانن دەست بدەنە چەك و و پارێزگاری لە خاك و نامووس و کەرامەتی نەتەوەییمان بکەن.» گوتیشی: «ئێمەی ئافرەتانیش هەموومان ئامادەین وەك برا پێشمەرگەکانمان شەڕ بکەین، بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکان پێشەوەی سەنگەرەکانیان پتەو کردووە و پێویستیان بە ئێمە نییە، بۆیە ئێمەش دەبێت بە شێوەیەکی دیکە خزمەتیان بکەین و رێزیان بگرین، هیواداریشم بەو خواردنەی کە بۆیان دابین دەکەین، توانیبێتمان ئەرکی سەر شانمان جێبەجێ بکەین.

**شەرەفمەندم کە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانم، ئەو یەکێتییەی کە بە فەرمانی باوکی رۆحی و نەتەوەییمان مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا، بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردیش وەک پیاوان تێکەڵی سیاسەت و کاری حزبی بن**

**پێشمەرگە قارەمانەکان پێشەوەی سەنگەرەکانیان پتەو کردووە و پێویستیان بە ئێمە نییە، بۆیە ئێمەش دەبێت بە شێوەیەکی دیکە خزمەتیان بکەین و رێزیان بگرین، هیواداریشم بەو خواردنەی کە بۆیان دابین دەکەین، توانیبێتمان ئەرکی سەر شانمان جێبەجێ بکەین**